پژوهشنامه ادبیات کردی
بهار و تابستان ۱۴۰۱
سال ۸، شماره ۱، پیاپی ۱۳

Journal of Kurdish Literature
Spring and Summer 2022
Vol. VIII, No. 1, Series 13

# نەریتی ئەدەبی و داهێنەرێتیی هونەری لە شیعری کلاسیکی کوردیدا: بە سەرنجدان بە شیعری کوردیی ناوەندی و سەروو

فەرهاد محەمەدی[1]

نوع مقاله: پژوهشی

تاریخ دریافت: ۲۸ بهمن ۱۴۰۰؛ تاریخ پذیرش: ۲۱ شهریور ۱۴۰۱؛ صص. ۱۸۷-۲۰۲

DOI: https://www.doi.org/10.34785/J013.2022.011

## کورتە

شیعری کلاسیکی کوردی لە بواری وێنە شیعرییەکان، بابەتەکان، چەمکەکان، وشەکان و زاراوەکانەوە خاوەن وەها ئاستێکی بەرز و پێکهاتەیەکی یەکگرتوو و تۆکمەیە کە وەکوو بەڵگە دەیسەلمێنن بەبێ پاشخانێکی دەوڵەمەند بەدی‌نەهاتوون و بێ‌گومان لە ڕێگای ئاشنایەتی لەگەڵ ئەزموونگەلێکی شیعرییەوە بووە کە لەو ئاستەدا دەرکەوتوون. لە ڕوانگەی تیۆریی ئەدەبیی نێواندەقێتیشەوە ئەم بابەتە دانپێدانراوە کە پاشخانێکی شیعری لە بەدیهاتنی لایەنی وێنەیی، واتایی و پێکهاتەیی شیعری کلاسیکی کوردی دەوری گێڕاوە. لە نێوان تەواوی ئەو ئەگەرانەی کە ڕەنگە بیر و سەرنجی توێژەرانی بەرەو لای ڕابکێشرێت، بەپێی هێماکانی نێودەقی و دەرەوەی‌دەقی دەسەلمێندرێت کە پاشخانی شیعریی شیعری کلاسیکی کوردی بۆ شیعری کلاسیکی فارسی دەگەڕێتەوە؛ بەم بۆنەوە وێنەگەلێکی شیعری و زۆرێک بابەت لە نەریتی ئەدەبیی شیعری کلاسیکی فارسییەوە هاتۆتە نێو شیعری کلاسیکی کوردییەوە و بەردەوام لە شیعری شاعیراندا دووپات بۆتەوە. هەرچەند ئەم تایبەتمەندییە لە هەر سێ لقی شیعری کلاسیکی کوردیدا دەبینرێت، بەڵام لە شیعری گۆرانیدا، بە بەراورد لەگەڵ شیعری کوردیی ناوەندی و سەروودا، لاواز و کاڵترە. لەم توێژینەوەیەدا چۆنیەتیی کەڵک‌وەرگرتنی شاعیرانی کلاسیکی کورد لە نەریتە ئەدەبییەکانی شیعری کلاسیکی فارسی تاوتوێ دەکرێ تا ڕوون ببێتەوە کە لە چ بابەتگەلێکی شیعریدا زۆرتر نەریتە ئەدەبییەکان دەرکەوتوون و ڕادەی داهێنەرێتی‌نواندنی شاعیرانی کورد لە چ ئاستێکدایە. بەپێی دەستکەوتەکانی توێژینەوەکە، کاردانەوەی نەریتە ئەدەبییەکان لە شیعری غینایی و عیرفانیدا زۆرتر بەدی‌دەکرێ و شاعیران هەوڵیان داوە لە نێو بازنەی ئەم نەریتانەدا داهێنەرێتی و نوێکاری بنوێنن. خوڵقاندنی مەزموونی نوێ و خۆماڵی‌کردنەوەی وێنە شیعرییەکان و بابەتەکان، بەرچاوترین شێوەیە کە شاعیرانی کورد لە نێو نەریتە ئەدەبییەکانی شیعری کلاسیکی فارسیدا داهێنەرێتییان نواندووە.

**وشەگەلی سەرەکی:** شیعری کلاسیکی کوردی؛ نەریتی ئەدەبی؛ داهێنەرێتیی هونەری؛ پاشخانی شیعری؛ نێواندەقێتی.

## چکیده

شعر کلاسیک کُردی از جنبۀ تصاویر شعری، موضوعات، مفاهیم، واژه‌ها و اصطلاحات دارای چنان سطح بلند و ساختار منسجمی است که به عنوان سند و دلیل اثبات می‌کند بدون پیشینۀ غنی نبوده است و حتماً از طریق آشنایی با تجربه‌هایی بوده که در چنین سطحی پدید آمده است. از دیدگاه نظریۀ بینامتنیت نیز این موضوع قابل تأیید است که یک پیشینۀ شعری در آفرینش لایه‌های تصویری، معنایی و ساختار شعر کلاسیک کُردی نقش داشته است. از میان تمام احتمالاتی که شاید توجّه پژوهشگران بدان‌ها معطوف شود، بر اساس نشانه‌های درون‌متنی و برون‌متنی قابل اثبات است که پشتوانۀ شعری شعر کلاسیک کُردی به شعر کلاسیک فارسی برمی‌گردد؛ به همین سبب موتیف و تصاویر شعری زیادی از سنت‌های ادبی شعر کلاسیک فارسی وارد شعر کلاسیک کُردی شده است. گرچه این قضیه در هر سه شاخۀ شعر کلاسیک کُردی قابل مشاهده است، امّا در شعر گورانی، در مقایسه با شعر کُردی میانه و شمال، کم‌رنگ‌تر است. در این پژوهش چگونگی بهره‌مندی شاعران کلاسیک کُرد از سنت‌های ادبی شعر فارسی بررسی می‌شود تا آشکار گردد که بیشتر در چه موضوعات شعری سنت‌های ادبی منعکس شده و میزان خلاقیت شاعران کُرد در چه سطحی بوده است. برآیند پژوهش دالّ بر این است که بازتاب سنت‌های ادبی بیشتر در شعر غنایی و عرفانی قابل مشاهده است و شاعران کُرد سعی کرده‌اند در چهارچوب این سنت‌ها خلاقیت و نوآوری به دست دهند. مضمون‌سازی نوین و بومی‌سازی تصاویر و موضوعات شعری، برجسته‌ترین شگردی است که شاعران کُردی در سنت‌های ادبی خلاقیت نشان داده‌اند.

**واژگان کلیدی:** شعر کلاسیک کُردی؛ سنت ادبی؛ خلاقیت هنری؛ پیشینۀ شعری؛ بینامتنیت.

## ۱- پێشەکی

بۆ ئەوەی ڕوون ببێتەوە کە سەرچاوەی بابەت، زاراوە و وێنە شیعرییەکانی شیعری کلاسیکی کوردی لە کوێنەوە شوێنگیری دەکرێ، پێویستە پاشخانی ئەدەبیی شیعری کلاسیکی کوردی دابین بکرێت؛ چونکە شیعری ڕابردووی کوردی لە بواری بابەت، وێنە و پێکهاتەوە ئاستێکی بەرزی هەیە و دیارە ئەم شیعرانە بەبێ پێشینە بەدی‌نەهاتوون و بێ‌گومان ئەزموونگەلێکی قووڵ لەبەر دەستی شاعیراندا بووە. دەبێ وەڵامی ئەم پرسیارە گرنگ و سەرنجڕاکێشە بدرێتەوە کە بابەت، زاراوە و وێنە

[1] . مامۆستای بەشی زمان و وێژەی کوردی و ئەندامی لێژنەی زانستیی توێژینگەی کوردستانناسی، زانکۆی کوردستان، سنە، ئێران f.mohammadi@uok.ac.ir

شیعرییەکانی شیعری کلاسیکی کوردی لە چ سەرچاوەیەکەوە هەڵقوڵیون؛ چونکە بەپێی بابەتەکان، وێنە شیعرییەکان، زاراوە، وشە و کۆوشەکان دیارە شیعری کلاسیکی کوردی پێوەندیی واتایی، وێنەیی و زمانیی بە پاشخانێکی تایبەتەوە بووە؛ بۆ نموونە ئەو وێنە شیعرییانەی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا دەرکەوتوون، زۆر ئەستەمە بگوترێت تەنیا بەرهەمی هێزی خەیاڵی خودی شاعیرانی کورد بوون و هەر لە سەرەتاوە ئاوەها بەرز داهێنراون، وەک ئەم وێنە شیعرییەی نیوەدێڕی دووهەم کە خانی خوڵقاندوویە:

ئەو هەر دوو نهالێ عەرعەرا شەنگ　　　ڕوونشتی مسالێ غونچە دلتەنگ

(خانی، ٢٠٠٥: ١٢٩)

بەم پێیە دیارە وێنە شیعرییەکان بۆ خۆیان مێژوویەکیان هەیە و پێشتر قۆناغگەلێکیان تێپەڕاندووە تا گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەکار ببرێن. هەر بەم چەشنە، چەمک و زاراوە عیرفانییەکانیش پاشخانێکی مێژووییان لە پشتەوەیە. لە زۆر شوێندا ئاوەها باسێک کراوە کە شیعری کلاسیکی کوردی لە شیعری فارسی کاریگەریی وەرگرتووە. خودی ئەم بابەتە حاشاهەڵنەگرە و کەس نکۆڵیی لێ ناکا؛ بەڵام هەندێ جار بۆتە هۆی ئەوەی کەسانێک نازانستییانە لە وتەکانیاندا بڵێن شیعری کلاسیکی کوردی بەتەواوی ڕەنگدانەوەی شیعری فارسییە و شتێکی لە خۆیەوە نییە. لە بەرامبەری ئەم ڕوانگەیە و دژی ئەم بۆچوونە، ڕەنگە ڕوانگەیەکی تر بێتە ئاراوە کە پێداگری لە سەر ئەوە بکات کە هەموو شتێکی شیعری کلاسیکی کوردی لە فەرهەنگ و زمانی خۆیەوە سەرچاوەی گرتووە و شتێکی لە وێژەی فارسییەوە وەرنەگرتووە. هەر بەو جۆرە ئەو ڕوانگەیەی پێشوو لە بنەڕەتدا هەڵەیە، ئەم بۆچوونەش بە هەڵەدا دەڕوات. وشە، کۆوشە، زاراوە، چەمک و بیرۆکەگەلێک لە شیعری کلاسیکی کوردیدا هەیە کە هەموویان پیشان دەدەن پێوەندییەک لە نێوان دوو شیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا لە ئارادایە. جا ئەوەی شیاوی تێڕامان و سەرنجە، ڕوونکردنەوەی چۆنیەتیی ئەم پێوەندییەیە؛ هەروەها لێکدانەوەی ئەم بابەتەیە کە شیعری کلاسیکی کوردی چۆن و بە چ شێوەگەلێک توانیویە لە شیعری کلاسیکی فارسی کاریگەری وەربگرێت. کاریگەریوەرگرتنی شیعری کلاسیکی کوردی و چەشنی پێوەندیی لەگەڵ شیعری کلاسیکی فارسیدا ڕەوتێکی تایبەتە کە ئەگەر بە وردی و زانستییانە ئاوڕی لێ نەدرێتەوە، ڕەنگە ببێتە هۆی هەڵە. کاتێ کە سەرچاوەی هەندێ لە بابەت و وێنە شیعرییەکانی شیعری کلاسیکی کوردی لە شیعری کلاسیکی فارسیدا شوێنگیری دەکرێت، ئەوەمان بۆ جێگای پرسیار دەبێت کە داخۆم شاعیرانی کورد چۆن خۆیان لە ڕەوتی دووپاتکردنەوە و لاساییکردنەوەی پەتی پاراستووە و بەرەو نوێکاری و داهێنەرێتیی هونەری هەوڵیان داوە؛ چونکە لە شیعردا بابەتێکی ئاساییە کە شاعیر زۆر شت لە کەسانێکی دیکەوە وەربگرێ، بەڵام ئەوەی بایەخی هونەری و جوانیناسانە دەداتە کارەکەی، چۆنیەتیی بەکارهێنان و خوڵقاندنەوەی وەرگیراوەکانە.

شیعری کلاسیکی کوردی پانتاییەکی یەکجار بەربڵاوی هەیە کە بە سەر سێ لقی سەرەکیدا دابەش دەبێ: شێوازی گۆرانی، شیعری کوردیی ناوەندی و سەروو (سەجادی، ١٣٨٩: ٢٥١). هەرچەند کاردانەوەی نەریتە ئەدەبییەکانی شیعری کلاسیکی فارسی بابەتێکی گشتگرە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا و لە هەر سێ لقە سەرەکییەکەیدا بوونی هەیە، بەڵام ئەم بابەتە لە شێوازی شیعریی گۆرانیدا بە هۆی جیاوازیی کێشەکەی و هەروەها تایبەتمەندیی زمانیی شیعرەکەیەوە، ئەوەندە بەرچاو نییە؛ بۆیە لەم توێژینەوەیەدا زۆرتر جەخت دەکرێتە سەر شیعری کوردیی ناوەندی و سەروو؛ هەڵبەت بۆ ڕوونکردنەوە و سەلماندنی لایەنەکانی مژارەکە پێویست بوو لە شاعیرانی گۆرانیش نموونە بهێنینەوە. بەم پێیە بە مەبەستی بەدەستهێنانی ڕوانگەیەکی گشتگر لەمەڕ بابەتەکە، هەوڵ دراوە لە شیعری شاعیرە بەناوبانگەکانی کلاسیکی کوردی کەڵک وەربگیردرێ. بە بۆنەی چییەتیی بابەتەکەوە کە گشتییە، سنووری توێژینەوەکە لە سەر شیعری شاعیرێک یان چەند شاعیرێکی دیاریکراودا بەرتەسک ناکرێتەوە؛ چونکە ئەگەر ئەم بابەتە لە شیعری هەر شاعیرێک یان تەنانەت لە بەشێکی بچووکی شیعری کلاسیکدا لێکبدرێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە دەرئەنجامەکەی شتێکی بەدەر لەمە نابێت، ئەو کاتە خوێنەر وا تێدەگات کە بابەتەکە تەنیا تایبەت بەو بەشە یان ئەو شاعیرەیە؛ لە حاڵێکدا کەم تا زۆر لە تەواوی شیعری کلاسیکی کوردیدا هەستی پێ دەکرێ.

**۱-۱- پاشخانی بابەتی توێژینەوەکە**

سەبارەت بە نەریتی ئەدەبی و داهێنەرێتیی هونەری، وەکوو بیرۆکە و شێوەیەکی ڕەخنەگرانە لە خوێندنەوە و لێکدانەوەی شیعردا، تاکوو ئێستا توێژینەوەیەکی چڕوپڕ لە شیعری کوردیدا ئەنجام نەدراوە؛ مەگەر ئەوەی‌کە توێژەرێک سەبارەت بە شیعری شاعیرێک بە گشتی لە یەک یان چەند ڕستەدا شتێکی وتبێت کە تا ڕادەیەک لەگەڵ ئەم بابەتە بگونجێت و بە جۆرێک پێوەندیی ببێت؛ وەکوو ئەم وتەیەی کاکەی فەلاح سەبارەت بە ئەزموونە سەرەتاییەکانی شیعری زێوەر کە دەکرێ بە جۆرێک پێوەندی بدەین بە بابەتی نەریتی ئەدەبییەوە: «ئەم وشانەی مانگ، هیلال، مۆم، حوسن، ڕوخ، دولبەر، شێت، لەب، وێڵ، مەجنوون، بیابان، پەروانە و دیدە ... پەیڕەوکردنێکی دەقاودەقی شێوەی شیعری کلاسیکی»یە (کاکەی فەلاح، ۱۳۹۷: ۷۴). تەنیا توێژینەوەیەک کە ڕاستەوخۆ تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ ئەم بابەتە دەگونجێت و باسی نەریتی ئەدەبیی کردووە، بڕوانامەی ماستێرێکە بە ناونیشانی *نمود سنت‌های ادبی فارسی در دیوان وفایی* کە نووسەر لە سێ بواری وشەکان، ڕەوانبێژی و بنواتا ئەدەبییەکاندا ڕادەی کاریگەری‌وەرگرتنی وەفایی لە نەریتە ئەدەبییەکانی شیعری فارسیی نیشان داوە (دشتی: ۱۳۹۷). هەروەها لەمەڕ دابین‌کردنی پاشخانی ئەدەبیی شیعری کلاسیکی کوردی بە شێوەی بابەتێکی سەربەخۆ لێکۆڵینەوەیەکی سەرنجڕاکێش لەبەردەستدا نییە و تەنیا بوارێک کە دەکرێ پێوەندی بدەین بە پێشینەی ئەم بابەتەوە، ئەو توێژینەوانەیە کە لەبارەی کارتێکەریی شاعیرە فارسەکان لە سەر شاعیرە کوردەکان یان توێژینەوە بەراوردکارییەکان ئەنجام دراون. لەم بوارەدا توێژینەوەی زۆر بە شێوەی وتار، کتێب و نامیلکەی خوێندکاری لەبەردەستدایە کە لایەنی هاوشێوەی هەموویان، ئاماژە بە مۆتیف، وێنە، وشە و زاراوەکانی هاوبەشە لە نێوان شیعری شاعیرانی کلاسیکی ئەدەبی فارسی و کوردیدا؛ بەڵام لە هیچ کامێکیاندا باسی پاشخانی ئەدەبیی شیعری کلاسیکی کوردی نەکراوە. هەندێک لە گرنگترین توێژینەوەکانی ئەم بوارە بریتین لە: وتارێک لە ئیسماعیل شەمس (۱۳۹۲) کە نووسەر لەوێ سەبارەت بە کاریگەری‌وەرگرتنی شاعیرانی کورد لە شیعری حافیز باسی کردووە. پارسا (۱۳۸۸) لە کتێبەکەیدا هاتووە زۆربەی ئەو شاعیرە کوردانەی لە حافیز کاریگەرییان وەرگرتووە، نموونە شیعری لێ هێناون و چۆنیەتیی کاریگەری‌وەرگرتنەکەی ڕوون کردۆتەوە. هەروەها ئەحمەدی (۱۳۹۵) وەکوو پارسا لە کتێبێکدا دیسان کاریگەریی شیعری حافیزی لە شیعری شاعیرانی کورددا بە شێوەیەکی تر دووپات کردۆتەوە کە نووسەر زۆرتر لە لایەنی تێهەڵکێش و شێوە جۆربەجۆرەکانییەوە لێکۆڵینەوەکەی ئەنجام داوە. گەرچی زۆربەی توێژینەوەکانی ئەم بوارە لەمەڕ کاردانەوە و کارتێکەریی شیعری حافیز لە شیعری شاعیرانی کورددا بووە، جارجارێکیش هەر ئەم بابەتە لە نێوان دوو شاعیری تایبەتدا ئەنجام دراوە، بۆ وێنە لە وتارێکدا کاریگەری‌وەرگرتنی مەحوی لە شیعری سەعدی لێکۆڵینەوەی لە سەر کراوە (جوانمردی و یاراحمدی، ۱۳۹۴).

**۲- بنەمای تیۆریی توێژینەوەکە**

بابەتی ئەم توێژینەوەیە لە بواری بیردۆزەکییەوە لەگەڵ تیۆریی نێواندەقێتی‌دا هاوڕێژیی هەیە و بۆ تێگەیشتنی زانستی لە دەوری پاشخانێکی ئەدەبی لە ڕەوتی پێکهاتنی شیعری کلاسیکی کوردیدا، ئەم تیۆرییە دەبێتە ڕوونکەرەوە و سەلمێنەری بابەتەکە. بە گوێرەی بۆچوونی ژوولیا کریستاڤا[1] نێواندەقێتی[2] لە ماکە پێکهێنەرەکانی دەقە (نامورمطلق، ۱۳۸۶: ۸۵). مەبەست لەم وتەیە ئەوەیە کە ڕەوتی پێکهاتنی هەر دەقێک بە جۆرێک لەگەڵ دەقانێکی تردا پێوەندیی هەیە؛ بۆیە تیۆریی نێواندەقێتی داکۆکی لە سەر ئەوە دەکا کە ماددە و واتای هەر دەقێک بەپێی دەقانێکی ترەوەیە کە بەرهەم دێت و دەقە پێشوو و هاوسەردەمەکانی هەر بەرهەمێک لە بەدیهاتنی ئەو بەرهەمە دەوریان بووە. دانەر تەنیا بە یارمەتیی هزر و خەیاڵی ڕەسەنی خۆی دەقەکە ناخوڵقێنێت، بەڵکوو لە ڕێگای کەڵک‌وەرگرتن لە دەقانێکی لەپێشەوەهەبوو بەرهەمی دێنێت؛ بەم بۆنەوە دەق

---

[1]. Julia Kristeva.

[2]. Intertextuality.

دەستکردی تەواوی ئەو گوتار و شێوە دەربڕینانەیە کە پێشتر لە ئارادا بوون (آلن، ١٣٨٠: ٥٣). لەم تیۆرییەدا باس لە پێوەندییە جۆربەجۆرەکانی دەقەکان لە بواری ڕواڵەت و واتاوە دەکرێ؛ بە وتەیەکی تر زاراوەی نێواندەقێتی ئاماژە بە پێوەندیگەلێکی جۆربەجۆر دەکا کە دەقەکان لە بواری ڕواڵەت و واتاوە پێکەوە گرێ دەدا؛ بەم پێیە نێواندەقێتی سێ بنەمای هەیە: دەقی شاراوە، دەقی بەردەست و پێوەندییەکانی نێوانیان (مسبوق، ١٣٩٢: ٢٠٦). لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەم پێوەندییانە لە نێوان دەقی بەردەست و دەقانێکی تردا دەبێتە هۆی ڕوونبوونەوەی چۆنیەتیی کەڵکوەرگرتنی شاعیر یان نووسەرێک لە هزر و بابەت و گوتارە زاڵەکانی پێشوو. بەپێچەوانەی کریستاڤا و بارت[3] کە بڕوایان وا بوو نێواندەقێتی کارتێکەریی دەقێک لە سەر دەقێکی دیکەدا نییە، ژێنێت[4] لە سەر پێوەندییەکانی کارتێکەری و کارتێکراویدا پێداگری دەکرد (نامورمطلق، ١٣٨٦: ٨٥). خوڵقاندنەوەی دەقی نادیار و هەندەری ئەو لە نێو دەقی بەردەستدا بە سێ شێوە ئەنجام دەبێ کە بە بناغە سێکوچکەکانی نێواندەقێتی ناوی لێ دەبرێت: ١- سڕینەوەی گشتی: دەقی بەرباس واتای دەقی شاراوە بەراوەژوو دەکا و لە بەرامبەری ئەودا ڕادەوەستێ. ٢- سڕینەوەی هاوتەریب: واتای هەر دوو دەقی بەرباس و شاراوە یەکێکە و لە بەرامبەری یەکتردا ڕاناوەستن، بەڵام هەر کام لە گۆشەنیگایەکەوە ئاماژە بە واتایەکی لێکنزیک دەکەن. ٣- سڕینەوەی پاژەکی: دەقی بەرباس بەشێک و پاژێک لە دەقی شاراوە دەسڕێتەوە و نکۆڵیی لێ دەکا (نامورمطلق، ١٣٩٠: ١٥٩-١٦١). نێواندەقێتی شتێکی بەرچاوەکی و پاژەکی نییە کە بگوترێ لە بەشێک یان لایەنێکی دیاریکراوی دەقدا پیشان دەدرێت، بەڵکوو تایبەتمەندییەکی زاتی، ناخی و گشتییە کە پێوەندیی بە بوون و بەدیهاتنی خودی دەقەوەیە، واتە لە ڕەوتی پێکهاتن و بەدیهاتنی دەقدا دەور دەگێڕێ. بە گشتی بنەمای هزری و ناوەڕۆک و تا ڕادەیەکی زۆریش چۆنیەتیی شیعری هەر شاعیرێک درێژەی شیعری شاعیرانی پێش خۆیە. لەم ڕوانگەیەوە شیعری کلاسیکی فارسی وەکوو دەقی شاراوە یان نادیار دادەنرێت و شیعری کلاسیکی کوردیش بە دەقی بەرباس چاوی لێ دەکرێت. بەرگریمانەکانی توێژینەوەی بەرباس ئەم بابەتانەی خوارەوە دەگرێتەبەر:

ئەلف: هەر شاعیرێک بەربوار و پاشخانێکی زەینی بووە سەبارەت بە شیعر و ئاسۆکانی. ئەم بەربوار و پاشخانە کە دەبێتە زانست و توانستی شیعریی شاعیر، لە ڕێگای ئاشنایەتی لەگەڵ کەلەپوورێکی شیعریدا بەرهەم هاتووە.

بێ: شاعیرێک نییە کە بە جۆرێک لە شیعری شاعیرانی رابردوو، تەنانەت سەردەمی خۆیشی، کاریگەریی وەرنەگرتبێت.

پێ: شاعیر بەوە ڕەزامەند نییە کە دەقاودەق دەستکەوتی بیر و هزر و خەیاڵی شاعیرانی تر دووپات بکاتەوە، چونکە ئەمە هیچ چێژێکی پێ نادات و خۆیشی ئاگای لێیە کە دووپاتکردنەوەی پەتی و دەقاودەقی وتە، لایەنی هونەریی نییە و دوورە لە داهێنەرێتی.

تێ: شاعیر لە تەواوی زانیارییە شیعرییەکانی خۆی کە لە کەلەپووری مێژووی شیعری نەتەوەکەی و هەروەها گەلانی دراوسێش دەستەبەری کردووە، وەکوو بنەڕەت و کەرەستە لە هۆنینەوەی شیعردا کەڵک وەردەگرێ تاکوو بەرهەمێکی نوێ بخوڵقێنێت.

## ٣- پاشخانی شیعریی شیعری کلاسیکی کوردی

ئاستی بەرزی شیعری کلاسیکی کوردی گەورەترین بەڵگەیە کە پیشان دەدات ئەزموونگەلێک لەبەر دەستی شاعیراندا بووە و وەکوو نوێنەکێک و پێوەرێک بۆی ڕوانیون کە بەپێی ئەو شیعرانە شیعر بهۆننەوە. لە بواری بیردۆزەکیشەوە بەرهەمهاتنی شیعری کلاسیکی کوردی لەو ئاستە بەرزەدا بێ پێشینە نەبووە و هیچ شاعیرێک ناتوانێ بێ ئەوەی بەرهەمی شاعیرانی تری خوێندبێتەوە و ئاشنایەتیی دەستەبەر کردبێت، ئاوەها شیعری بەرز بهۆنێتەوە؛ بۆیە پێویستە ئەم

---

[3]. Roland Barthes.

[4]. Gérard Genette.

بابەتە ڕوون ببێتەوە کە پاشخانی شیعری کلاسیکی کوردی لە چ سەرچاوەیەکەوە دەبێ شوێنگیری بکرێ. سەبارەت بە پاشخانی مێژوویی شیعری کلاسیکی کوردی چەندین ڕوانگەی جیاواز چاوەڕوان دەکرێ و ئەگەری ئەوە هەیە کە بیری هەر کەس بۆ یەکێک لەم سێ بۆچوونە بڕوات: ١- ئەدەبی زارەکیی کوردی؛ ٢- ئەو بەرهەمە نووسراوانەی کە بەجێنەماون و فەوتاون؛ ٣- شیعری کلاسیکی گەلانی دراوسێ. نکۆڵی لەوە ناکرێ کە بگوترێ ئەدەبی زارەکی تا ڕادەیەک لە سەر شیعری کلاسیکی کوردیدا کاریگەریی بووە و وەکوو سەرچاوەیەک دێتە ئەژمار؛ بەڵام نەک لە هەموو بابەت و چەشنە ئەدەبییەکاندا، بەڵکوو تەنیا لە بابەتگەلێکی تایبەت و دیاریکراودا، بۆ وێنە لە چەشنی حەماسی و پاڵەوانیدا دەگونجێ بگوترێت کە سەرچاوەکەی بۆ ئەدەبی زارەکی و گێڕانەوە زارەکییەکانی نێو جەماوەر دەگەڕێتەوە؛ هەروەها لە وێژەی گۆرانیشدا تەنیا دەتوانین لە بواری کێشەوە بڵێین کە کێشەکەی لە ئەدەبی زارەکییەوە وەرگیراوە و بۆ نزا و پاڕانەوە ئایینییەکانی کەونارا و هەروەها بۆ گۆرانییە جەماوەرییەکان دەگەڕێتەوە و لایەنەکانی دیکەی شیعر وەکوو بابەت (= ناوەڕۆک)، وێنە شیعرییەکان، وشە و زاراوەکان زۆر ئەستەمە پاڵ بدرێنە ئەدەبی زارەکییەوە و بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە بەڵگەیەکی زانستی، بەتایبەت هێما نێودەقییەکان، لەبەر دەستدا نییە تاکوو بگوترێت پاشخان و سەرچاوەی بابەت و وێنە شیعرییەکانی شیعری گۆرانی دەبێ لە ئەدەبی زارەکییەوە شوێنی بگیردرێت؛ بەم بۆنەوە ئەدەبی زارەکی ناتوانێت وەکوو تەنیا پاشخانی شیعری کلاسیکی کوردی بێتە ئەژمار. سەبارەت بە بۆچوونی دووەمیش تەنیا دەکرێ وەکوو گریمانەیەک بۆی بڕوانین و پشتئەستوور بە بەڵگەیەکی پتەو و بەهێز نییە؛ چونکە ئەدەبی نووسراوی کوردی لەبەر هەندێ هۆکاری کۆمەڵایەتی و ڕامیاری، دێر دەستی پێ کردووە و ئەم ئەگەرە لاوازە کە بەر لە سەدەی هەشتەمی کۆچی بەرهەمگەلێک بووبن کە وەکوو پاشخانی شیعری کلاسیکی کوردی دابنرێن؛ ئەگەر ببوایە لانیکەم لە سەرچاوە مێژووییەکان و دیوانی شاعیرانی دواییدا بە جۆرێک ئاماژەیەکی پێ دەکرا.

بە گوێرەی هێما نێودەقییەکانی شیعری کلاسیکی کوردی، بە ڕوونی دیارە کە شیعری کلاسیکی فارسی وەکوو ئەزموونێک لەبەر دەستی شاعیرانی کورددا بووە و نەریتە ئەدەبییەکانی ئەو وێژەیە لە شیعری کلاسیکی کوردیشدا ڕەنگی داوەتەوە؛ بۆیە بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە پاشخانی شیعری کلاسیکی کوردی، شیعری کلاسیکی فارسی بووە و بەربوار و پاشەکەوتی زەینیی شاعیرانی کورد سەبارەت بە ئاسۆ جۆربەجۆرەکانی شیعر لە ڕێگای شیعری کلاسیکی فارسییەوە پێکهاتووە و بۆتە زانست و توانستی شیعریی ئەوان. ڕەنگە ئاوەها پرسیارێک بێتە ئاراوە کە بەپێی ئەم بەڵگەیە کە شاعیرانی ڕابردوو لە حوجرەکاندا کتێبی عەرەبییان دەخوێند، بۆچی ناتوانین شیعری عەرەبیش وەکوو پاشخانی شیعری کلاسیکی کوردی دابنێین؟ وەڵامەکەی بەم شێوەیە دەبێ کە ئەو کتێبە عەرەبییانەی لە حوجرەکاندا دەخوێندران، شیعری عەرەبی نەبوون تاکوو لە سەر بیر و خەیاڵی شاعیرانی کورددا کاریگەری دابنێن. بێجگە لەمە، لە شیعری شاعیرانی کورددا بەو ڕادەیەی ئاماژە بە ناوی شاعیرانی فارس کراوە و شیعری ئەوان تێکهەڵکێشی شیعری شاعیرانی کوردی بووە، ئەوەندە ئاماژە بە شاعیرانی عەرەب و شیعرەکانیان نابینین. سەرەڕای ئەم بەڵگانە، هەندێ جاریش شاعیرانی کورد دەقاودەق یان بە تۆزێک گۆڕانکارییەوە دێڕ یان نیوەدێڕە شیعرێکیان لە شیعری شاعیرانی فارسەوە وەرگێڕاوە بۆ کوردی و لە نێو شیعری خۆیاندا هێناویانە کە وەکوو بەڵگەیەک دیسان ئەم زانیارییەمان پێ دەدا کە ئاگایان لە شیعری فارسی بووە و لە کاتی هۆنینەوەی شیعردا، ناخودئاگا بوویێت یان خودئاگا، لەو پاشەکەوتە شیعرییانە کاریگەرییان وەرگرتووە، وەکوو نیوەدێڕی یەکەمی شیعری خوارەوە کە ڕێک وەرگێڕانێکە لە شیعری حافیز:

خۆ جە سەدای عەشق، هیچ نەبێ وەشتەر سا با بدۆ عەشق، نە جەرگم نەشتەر

(سەیدی، ١٩٧١: ١٠٢)

شیعرەکەی حافیز ئەمەیە کە لە نیوەدێڕی یەکەمدا هاتووە:

از صدای سخن عشق ندیدم خوشتر      یادگاری کە در این گنبد دوار بماند

(حافظ، ١٣٦٢: ٣٦٦)

لە ڕووی وشە و کۆوشەکان، وێنە شیعرییەکان، زاراوە عیرفانییەکان، چەمک و واتاکانیشەوە دیارە کە هەموویان لە شیعری فارسییەوە هاتوونەتە نێو شیعری کوردییەوە، نەک لە شیعری عەرەبییەوە. بەپێی ئەم زانیارییانە دەسەلمێندرێت کە پاشخانی شیعری کلاسیکی کوردی لە نێو تەواوی ئەگەرەکانی بەردەستدا ئەوەی بەڵگەی زانستییانەی لە سەر بێت، تەنیا شیعری کلاسیکی فارسییە؛ بۆیە بە گشتی دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە شیعری کلاسیکی فارسی بۆ شیعری کلاسیکی کوردی وەکوو نەریتی ئەدەبی و پاشخانی مێژوویی دێتە ئەژمار.

جا دەبێ ڕوون ببێتەوە کە چۆنیەتیی پێوەندیی شیعری کلاسیکی کوردی لەگەڵ شیعری فارسیدا بە چ شێوەیەکە. شێوەی کاریگەریی شیعری کلاسیکی فارسی لە سەر شیعری کلاسیکی کوردی بەم جۆرە بووە کە شاعیری کورد لەگەڵ بابەت و وێنەکاندا ئاشنایەتیی دەستەبەر کردووە و توانیویە لەو بابەتانە و وێنەگەلە بۆ مەبەستەکەی خۆی کەڵک وەربگرێت. لە ڕاستیدا شاعیرانی کلاسیکی کورد لە شیعری کلاسیکی فارسی وەکوو نوێنەک بۆ چۆنیەتیی هۆنینەوەی شیعری خۆیان کەڵکیان وەرگرتووە و لە نێو چوارچێوەی کەشی هزری و نەریتی ئەدەبی و هونەریی شیعری فارسیدا هەوڵیان داوە وێنە، مەزموون و داوێژگەلێکی نوێ بەدیبهێنن. دیارە ئەم ڕەوتە زۆر جیاوازە لە دووپاتکردنەوەی دەقاودەق و وەرگێڕان و نابێ تێکەڵ بکرێن. شیعری کلاسیکی فارسی وارگە و شێوەگەلێکی پێکهێناوە کە لە نێو ئەوانەدا شاعیری کلاسیکی کورد بەرهەمی تری خوڵقاندووە کە بە تەواوی نوێ و داهێنەرانەیە. هەمووی ئەو بابەت و وێنانەی شاعیری کورد لە شیعری فارسیدا خوێندوویانی لە زەین و مێشکیدا پاشەکەوت بووە و لە کاتی هۆنینەوەی شیعردا وەکوو کەرەستەیەک بۆ دەربڕینی مەبەستەکەی خۆی بەکاری هێناون و کەڵکی لێ وەرگرتوون. لە ڕاستیدا شاعیری کورد لە چەمک و زاراوە و بابەت و وێنە شیعرییەکانی شیعری کلاسیکی فارسی وەکوو ئامرازێک کەڵکی وەرگرتووە و دەستی داوەتە داهێنانی گوزارەگەلێکی نوێ و بەم شێوەیە لە کارتێکەرییەوە گەیشتۆتە ڕەسەنایەتی. هۆکاری ئاستبەرزیی شیعری کلاسیکی کوردی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شاعیری کورد خۆی دەروەست دەزانی کە لانیکەم لەو ئاستەیدا شیعر بهۆنێتەوە کە لە شیعری فارسیدا هەیە و لەوەوە دانەبەزێ. چەشنی پێوەندیی شیعری کلاسیکی کوردی لەگەڵ شیعری کلاسیکی فارسیدا بە شێوەی نێواندەقێتییە. لە ڕوانگەی نێواندەقێتییەوە شیعری کلاسیکی فارسی وەکوو پێشدەقێک دێتە ئەژمار کە شیعری کلاسیکی کوردی لە سەری بنیات نراوە؛ لەم ڕووەوە داهێنەرێتیی شاعیری کورد لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی بابەت و وێنە شیعرییەکانی شیعری فارسیدا خۆی دەنوێنێت.

**٤- نەریتی ئەدەبی و داهێنەرێتیی هونەری**

نەریتی ئەدەبی و داهێنەرێتیی هونەری دوو زاراوەن کە لە ڕەخنەی شیعردا بۆ لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ئاستی جوانیناسیی شیعر بەکار دەبرێن. لە شیعردا، بەتایبەت شیعری کلاسیک، بابەت، چەمک و وێنەکان بۆ خۆیان مێژوویەکیان هەیە و وا نییە کە یەکشەوە بەدیهاتبێتن و لە نێو شیعردا دەرکەوتبێتن. کاتێ بابەتێک، چەمکێک، وێنە شیعرییەک و بیرۆکەیەک بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە مێژووی وێژەدا دووپات ببێتەوە و بەردەوام لە شیعری شاعیراندا دەربکەوێت، نەریتی ئەدەبی پێکدێت؛ بۆیە مەبەست لە نەریتی ئەدەبی ئەوەیە کە بکرێ بۆ دیاردەیەکی ئەدەبی پاشخانێکی مێژوویی تایبەت دابین بکرێ. هەندێ جار لە بواری جوانیناسیی هونەرییەوە ئەو بابەتە یان وێنە شیعرییە کە زۆر گوتراوە و دووپات بۆتەوە، ئیتر ئەوەندە سەرنجڕاکێش نامێنێت و لایەنی جوانیی خۆی لە دەست دەدا؛ بەم پێیە بۆ بەردەنگیش بیستن و خوێندنی بابەتێک لە نەریتە ئەدەبییەکان لەبەر دووپاتبوونەوە ئیتر چێژێکی هونەری نابەخشێت؛ مەگەر ئەوەیکە بە چەشنێک گۆڕانکارییەکی تێدا کرابێت کە لە چاو نموونە پێشووەکەیدا نوێ بنوێنێت. نەریتی ئەدەبی زۆرتر پێوەندیی بە بابەت و ناوەڕۆکەوە هەیە؛ چونکە

ئەگەر بابەت بگۆڕدرێت، زمان و وێنە شیعرییەکانیش نوێ دەبێتەوە. لە وەڵامی ئەم پرسیارە کە هۆکارەکانی دەرکەوتنی نەریتە ئەدەبییەکان لە شیعری کلاسیکدا چییە، دەتوانین ئاماژە بکەین بە جیهانبینی و بیر و باوەڕی هاوبەش لە ڕابردوودا. شاعیرانی ڕابردوو بە گشتی جیهانبینییەکی یەکشێوە و تەکڕەهەندییان بووە؛ بۆیە بارودۆخی هزری، فەرهەنگی و جیهانبینیی سەردەمانی ڕابردوو سەرەکیترین هۆکار و سەرچاوەی هاوڕەنگی و یەکشێوەیی شیعری کلاسیکە. بیر و باوەڕی زاڵی ناو کۆمەڵگا بە گشتی ئایینی بوو و شاعیرانیش لە نێو چوارچێوەی ئەم جیهانبینییەدا بیریان دەکردەوە.

لایەنی بەرامبەری نەریتی ئەدەبی، داهێنەرێتیی هونەرییە. جا داهێنەرێتیی هونەری بە چ واتایەکە و چ لایەنگەلێک دەگرێتەبەر و مەبەست لە داهێنەرێتینواندنی شاعیر چییە، هەمووی گرێ دراوە بە چەمکی نوێکارییەوە و ئەم چەمکەش خۆی بۆ هێزی خەیاڵ و تێڕامانی شاعیر دەگەڕێتەوە. لە یەکەم ڕوانیندا وا دێتە بەرچاو کە مەبەست لە نوێکاری و داهێنەرێتیی هونەری تەنیا ئەوەیە کە بابەتەکە لە بنەڕەتدا نوێ بێت؛ بەڵام ئەمە تەنیا لایەنێک لە داهێنەرێتیی هونەرییە و هەمووی ناگرێتەوە. لایەنێکی دیکەی ئەوەیە کە لە نێو خودی نەریتی ئەدەبیشدا ئەگەری نواندنی هەیە؛ بەم جۆرە کە مەرجە شاعیر کاتێ بابەتێک یان وێنەیەک لە شاعیرانی پێشووەوە وەردەگرێت، نوێکارییەک لە شیعرەکەی خۆیدا ئەنجام بدات. ئەگەر شاعیرێک بتوانێ بابەتێک کە پێشتر ئاماژەی پێ کراوە و بۆتە نەریتێکی ئەدەبی، بە جوانترین شێوە دەربڕێ کە لە چاو ئەوانی تردا جوانتر بنوێنێت، دەکەوێتە نێو بازنەی داهێنەرێتیی هونەرییەوە؛ بەم بۆنەوە خوڵقاندنی مەزموونی نوێ لایەنێکی بەرچاوە لە داهێنەرێتیی هونەری. شاعیر لە نەریت و کەلەپووری ڕابردووان وەک ئامراز کەڵک وەردەگرێ و لە ڕێگای دەستکاری و گۆڕانکارییەوە، مەزموونێکی نوێ دەخوڵقێنێت. لەم دۆخەدا دیارە زەین و بیر و خەیاڵی شاعیر چالاکانە و داهێنەرانە بە دوای ئەوەدایە تەنیا وتەی پێشووان دووپات نەکاتەوە، بەڵکوو دەیەوێ شتێکی نوێ و جیاواز دەربخات. نەریتە ئەدەبییەکان وەکوو پاژگەلێکی پرژوبڵاو لە زەینی شاعیردا پاشەکەوت بووە. چۆنیەتیی جێخستنی پاژەکان و پێکهێنانی بابەت و گوزارەیەکی جوان دەبێتە داهێنەرێتیی هونەری؛ بەم پێیە دیارە نەریتە ئەدەبییەکان تەنیا وەکوو ماددەی تێڕامان و خەیاڵی شاعیرانی کلاسیکی کوردی دێتە ئەژمار. کەم تا زۆر لە شیعری هەموو شاعیرانی کلاسیکدا نەریتی ئەدەبی دەرکەوتووە؛ جا شاعیران لە دەربڕینی ئەم نەریتانەدا داهێنەرێتییان نواندووە. بۆ تێگەیشتن لەم بابەتە کە لە چ ڕێگایەکەوە دەتوانین بزانین شیعری کلاسیکی کوردی تا چ ڕادەیەک داهێنەرێتیی هونەریی تێدایە و لە چ لایەنگەلێکیشەوە شوێنکەوتووی نەریتی ئەدەبیی بووە، لێکدانەوەی بابەت و وێنە شیعرییەکان، وەکوو دوو لایەنی گرنگ لە شیعر، و هەروەها سەرنجدان بە وشە، کۆوشە و زاراوەکان توێژەر دەگەیەنێتە ئەم ئامانجە. لەم ڕێگایەوە ڕوون دەبێتەوە کە شاعیری کلاسیکی کورد بە چ شێوەیەک لە نەریتە ئەدەبییەکان کەڵکی وەرگرتووە و داهێنەرێتیی نواندووە.

### ٤-١- بابەتی شیعر

لە ڕابردوودا پانتایی بابەتی شیعر بەرتەسک و سنووردار بوو و بەپێی یاساکانی شیعر لەو سەردەمە هەر بابەتێک لە نێو شیعردا دەرنەدەکەوت و بابەتگەلێکی دیاریکراو دەوروژێندران؛ بۆیە بۆ لێکدانەوەی لایەنی داهێنەرێتی لە شیعری کلاسیکدا دەبێ ئەم خاڵە ڕەچاو بکرێ؛ ئەگەر بێتو ئەم بابەتە پشتگوێ بخرێت، لە هەڵسەنگاندن و نرخاندنەکاندا هەڵە ڕوو ئەدا. پێویستە ڕەخنەگر وارگەی مێژوویی شیعری ئەو سەردەمە لە بواری بابەتەوە لە بەر چاو بگرێت و بەپێی سنووری شیعری ئەو سەردەمە سەبارەت بە چۆنیەتیی شیعری شاعیر بیروڕا دەربڕێ؛ نابێ لە ئاسۆی بابەتی، هزری و جوانیناسیی ئیمڕۆژەوە شیعری ڕابردوو هەڵبسەنگێنین. لە ڕابردوودا بەپێچەوانەی ئەوڕۆکە، وا نەبوو کە بابەتگەلێکی نوێ بێتە نێو شیعر و بەردەوام وێنە و کۆوشە و زاراوەگەلێکی نوێ لە شیعردا دەربکەوێت. هەڵبەت ئەمە خۆی بۆ بارودۆخی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە کە بە گشتی نەگۆڕ بووە و ئەوەندە ئاڵوگۆڕ تێیدا ڕووی نەدەدا؛ بۆیە لە بواری کۆمەڵناسیی ئەدەبییەوە سنووردارییی بابەتە شیعرییەکان هۆکارەکەی بۆ جیهانبینیی هاوشێوە و کۆمەڵگای یەکڕەنگ و یەکشێوەی ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە. خودی درێژەی نەریتێکی ئەدەبی لە مێژووی وێژەی

کلاسیکدا پیشان دەدا کە تا چ ڕادەیەک بازنەی بابەتیی شیعر سنووردار بووە و سەرهەڵدانی بابەتی نوێ ئەوەندە لە ئارادا نەبووە. ئێستا کە سنووردارییی بازنەی بابەت لە شیعری کلاسیکدا بۆمان ڕوونە و سەلمێندراوە کە دووپاتبوونەوەی بابەت و دەرکەوتنی نەریتی ئەدەبی لە شیعردا باو بوو، لە بواری ڕەخنەی شیعردا بۆ هەڵسەنگاندن و نرخاندنی ئاستی جوانیناسیی شیعری شاعیران دەبێ بە وردی سەرنج بدەین کە ئایا شاعیر توانیویە لە نێو چوارچێوەی ئەو بابەتە شیعرییانەی لە ئارادا بوون، داهێنەرێتی بنوێنێ یان نە.

بابەتە شیعرییەکانی شیعری کلاسیکی کوردی هەندێکیان شوێنکەوتووی نەریتە ئەدەبییەکانن؛ واتە شاعیر بەپێی ئەو بابەتانە شیعری هۆنیوەتەوە کە پێشتر لە نێو ئەدەبدا، بەتایبەت وێژەی فارسیدا، لە ئارادا بووە. جا ئەمە بەو واتایە نییە کە شاعیری کلاسیکی کورد هاتبێت وتەی شاعیرانی دراوسێی دەقاودەق دووپات کردبێتەوە و داهێنەرێتیی نەخوڵقاندبێت، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە لە نێو چوارچێوەی ئەو بابەتانەدا هەوڵی داوە نوێکاری بەدی‌بهێنێت؛ بە وتەیەکی تر دروستە شاعیر لە نێو چوارچێوەی نەریتی ئەدەبیی ڕابردوودا بیری کردۆتەوە، بەڵام لە خەیاڵ و زەینی خۆیدا گوزارەگەلێکی وێنا کردووە کە داهێنراوی هێزی خەیاڵی خۆی بووە. دیارە لەم وارگەیەدا داهێنەرێتیی هونەری بۆ شێوەی دەربڕینی شاعیر دەگەڕێتەوە کە بابەتێکی پێش‌گوتراوی بە شێوە دەربڕینێکی نوێیەوە وێنا کردووە. ڕەسەنایەتیی بابەتیش هەر بەو واتایەیە کە یان بابەتەکە نوێ بێت یان ئەوەی کە ڕوانگە و دیتنێکی نوێ لەمەڕ بابەتێکی کۆندا بێتە ئاراوە؛ واتە هەر ئەو کارەی کە ئامانجی سەرەکیی شاعیری کلاسیک بوو. کاتێ شاعیرێک دەیەویست شیعر بهۆنێتەوە، بابەتەکان لە پێشدا دیاریکراو بوون. لەم بارودۆخەدا دیارە داهێنەرێتی‌نواندن و نوێکاری بەم شێوەیە بووە کە شاعیر لە نێو سنوور و بازنەی بابەتە دیاریکراوەکاندا هەوڵی داوە بە شێوە دەربڕینێکی جیاوازەوە هەڵسوکەوت بکات.

بابەتە شیعرییەکانی ڕابردوو لە بواری دەرکەوتنی نەریتە ئەدەبییەکانەوە لە یەک ئاستدا نین؛ لە هەندێکیاندا بەرچاوتر و پڕڕەنگترە و بەردەوام لە سەردەمە جیاجیاکاندا دووپاتبوونەوەیان دەبینین، بۆ وێنە لە وێژەی غینابیدا کە باسی ئەوین و دڵداری و وەسفی یار دەکرێ، هەروەها لە وێژەی عیرفانیشدا کە بیرۆکە و چەمک و زاراوەکانی دیاریکراون، ئەگەری زۆرە کە نەریتی ئەدەبی دەرکەوێ. بەڵام لەو شیعرانەی کە سەبارەت بە وەسفی دیاردە کۆمەڵایەتی و سروشتییەکان، هەست و سۆزی کەسێنی، شیعری بۆنەیی، شینگێڕی، تەوساو و داشۆرینە، بە هۆی ئەوەی پێوەندیی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ فەرهەنگ و کۆمەڵگا و ژیانی سەردەمی شاعیرەوە و بابەتێکی لەپێش دیاریکراو نین، زۆرتر پاڵدانەوە بە خەیاڵ و بیری خودی شاعیر چاوەڕوان دەکرێت، بۆ نموونە شاعیر ئیتر ناتوانێت بۆ وەسفی دیاردەیەکی سروشتیی ناوچەی کوردەواری لەو شێوە و ئامرازانەی کەڵک وەربگرێ کە شاعیری فارس بۆ دیاردەکانی ناوچەی خۆی بەکاری بردووە؛ بۆیە لەم چەشنە شیعرانەدا داهێنەرێتیی هونەری ئەگەری زۆرترە کە خۆی بنوێنێت. سەبارەت بە چەند شیعرێکی نالی گوتراوە کە بابەتەکەیان زۆر ئاسایی و بەردەست و کەم‌بایەخ بووە کە وەک بابەتی شیعری نەهاتوونەتە بەرچاوی شاعیرانی دیکە، وەکوو وەسفی حوجرەکەی خۆی و گوێدرێژەکەی (مەحموودزادە، ۱۳۹۹: ۳٦). لەم چەشنە شیعرانەدا، هەر وەک توێژەران ئاماژەیان پێ داوە، گەرچی بابەتەکە بەرز و سەرنجڕاکێش نییە، بەڵام نالی ئەو بابەتە بێ‌نرخەی کردووە بە بەرزترین شاکاری ئەدەبی (سەرچاوەی پێشوو: ۳۷)

لە شیعری غینابیدا کە تایبەتە بە ئەوین و وەسفی یار، کاتێ سەرنجی بابەتەکان دەدەین تێدەگەیین کە بەردەوام لە شیعری شاعیراندا لەگەڵ بابەتی هاوشێوەدا ڕووبەڕوو دەبینەوە، وەکوو چۆنیەتیی وەسفی ئەندامانی یار، دووریی یار، پەژارەیی دڵدار، تامەزرۆیی دڵدار بۆ دیتن و گەیشتن بە دڵبەر و هتد؛ بۆیە ڕوونە کە ئەم بابەتانە وەکوو نەریتی ئەدەبییان لێ هاتووە. دووپاتکردنەوەی ئەم بابەتانە لە لایەن شاعیرەوە کاتێ لە بواری هونەرییەوە، بایەخدار و سەرنجڕاکێش دەبێت کە توانیبێتی بە وێنە شیعرییەکی نوێیەوە دەریببڕێ. مەولەوی لەم دێڕە شیعرەی خوارەوەدا بۆ دەربڕین و وێناکردنی بابەتی دووری لە یار و خەم و پەژارە و نەمانی سەبووریی دڵدار کە بابەتێکی دووپاتەیە، نوێکاری ئەنجام داوە و بە شوبهاندنی سەبووری بە کۆگایەک نەریتێکی ئەدەبیی نوێ کردۆتەوە:

شەرارەی گرپەی ناری مەهجووری کەردەن وە غوبار کۆگای سەبووری

(مەولەوی، ۱۳۹۷: ۷۳)

شیعری عیرفانیش وەکوو شیعری غینایی بەزۆری کاردانەوەی نەریتە ئەدەبییەکانی تێدا بەدیدەکرێت و لە شیعری شاعیرانی عارفدا چەمک و زاراوە و مژارگەلێکی هاوشێوە دەرکەوتووە، بۆ وێنە چەمک و بیرۆکەی وەکوو یەکیەتیی بوون، بەرامبەرێتیی ئەوینی ڕاستەقینە (= ئیلاهی) و مەجازی (= مرۆڤانە یان زەوینی)، فنا فی الله، ... لەو بابەتانەن کە لە شیعری شاعیراندا بەردەوام دەبینرێن و دووپات بوونەتەوە؛ بەم پێیە بە ڕوونی لە شیعری شاعیرانێک وەکوو مەلا پەرێشان، بێسارانی، مەولەوی، مەحوی، مەلای جزیری و ... دەردەکەوێ کە ئەو کەڵە بیرۆکە عیرفانییە هەر لە پێشەوە لە ئارادا بووە و بۆتە بناغەی چەمک و زاراوە و بابەتە عیرفانییەکانی شیعری کلاسیکی کوردی؛ چونکە ئەگەر بەم پرسیارەوە بیری لێ بکرێتەوە کە پاشخانی ئەدەبیی ئەم بابەتانە و وێنە شیعرییانە لە کوێیەوە بووە، دەبێ پاشخانێکی بۆ دیاری بکرێ. زاراوەکان و چەمک و بابەتە عیرفانی و سۆفیگەرییەکان کە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا دەرکەوتوون، دیسان بەهێزترین بەڵگەن بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە کە شیعری عیرفانیی فارسی ئەزموونێک بووە لەبەر دەستی شاعیرانی عارفی کورددا، بۆ نموونە کەڵکوەرگرتنی مەلای جزیری لە وێنەی زەریا وەکوو هێما بۆ وێناکردنی بیرۆکەی یەکیەتیی بوون کە لە شیعری عیرفانیی فارسییەوە وەری گرتووە:

یەکە دەریا تو بزان قەنج! چ مەوج و چ حوباب        د ئەسڵدا کو حەمی ئاڤە، چ ئاڤ و چ جەمەد

(مەلای جزیری، ۱۳۹۳: ۲۵۲)

هەڵبەت گەرچی شیعری عیرفانیی فارسی بە پاشخانی شیعری عیرفانیی کوردی و بە دەقی شاراوەی ئەم چەشنە ئەدەبە لە شیعری کوردیدا دادەنرێت، بەڵام دیسان شاعیرانی کورد هەندێ جار لە نێو چوارچێوەی دیاریکراوی بابەتە عیرفانییەکاندا دەستیان داوەتە نوێکاری و داهێنەرێتیی هونەرییەوە. جارجارێک بابەتێک لە شیعری عیرفانیی کوردیدا بە شێوەیەک پێناسە کراوە و ڕای لە سەر دەربڕاوە کە جیاوازە لەوەی لە شیعری فارسیدا بوونی هەیە، بۆ وێنە چەمکی ئەوینی مەجازی بەپێچەوانەی شیعری فارسی، لە شیعری سەیدیدا بایەخی پێ دراوە و تەنانەت هاندانەوە و بانگەوازیشی بۆ کراوە:

گۆشم هەر جە دەنگ وەشیی ئی سازەن        وەشەن سازی عەشق سەد کە مەجازەن ...

تەوفیق جە لای حەق، هەر مەیۆ پەرێش        کەس مەجاز تا سەر نمەمانۆ پێش

دامانی مەجاز، تۆ باوەر وە دەست        چون هۆشیارانی بە حەقیقی مەست

(سەیدی، ۱۹۷۱: ۱۰۲-۱۰۳)

ئەم شیعرەی سەیدییە چەندین زانیاریمان پێ دەدا: ۱- کاتێ کە دەڵێ ئەوینی مەجازی پڕ بایەخە، دیارە پێشتر بیرۆکەیەکی دیکە لە ئارادا بووە کە نکۆڵی کردووە لە بایەخداریی ئەم چەشنە ئەوینە و بیرۆکەکەی سەیدی لە ڕێگای وتووێژی ڕەخنەگرانەوە لەگەڵ ئەودا بەرهەم هاتووە. ۲- بەپێی بابەت و چەمکەکانی ئەم شیعرە دەسەلمێندرێت کە شیعری عیرفانیی کوردی درێژەدەری میرات و نەریتێکی ترە کە بە پاشخان و بناغەی ئەم چەشنە شیعرە لە شیعری کوردیدا دەناسێندرێت.

**٤-٢- وێنە شیعرییەکان**

یەکێک لە گرنگترین لایەنەکانی دەرکەوتنی نەریتە ئەدەبییەکانی شیعری فارسی لە شیعری کوردیدا وێنە شیعرییەکانە؛ بۆیە بۆ تێگەیشتن لە ڕادەی داهێنەرێتیی شاعیرێک لە نێو نەریتێکی ئەدەبیدا دەبێ سەرنجی وێنە شیعرییەکانی بدرێت. لە ڕێگای لێکدانەوەی وێنە شیعرییەکانەوە دەتوانین ئاستی داهێنەرێتیی هونەریی شاعیرانی کورد دیاری بکەین. ئەگەر شاعیرێک لەو وێنە شیعرییانەی کەڵکی وەرگرتبێت کە پێشتر بەکار براوە و دووپاتە بێت، دیارە شوێنکەوتووی نەریتە ئەدەبییەکان بووە؛ بەڵام ئەگەر بە جۆرێک نوێکارییەکی لە سەر نەریتە ئەدەبییەکان ئەنجام دابێت، ئەوە پیشان دەدا هێزی خەیاڵی ئەو شاعیرە چالاک و داهێنەر بووە، بۆ نموونە وەسفی بچووکیی زار و باریکیی کەمەری یار دوو وێنەی شیعرین کە بوونەتە نەریتی ئەدەبی. وەفایی لەم مۆتیفانەدا هەوڵی داوە بە جۆرێک مەزموونێکی نوێ بخوڵقێنێت کە ئەمە ڕێک دەبێتە داهێنەرێتینواندن لە نێو نەریتی ئەدەبیدا:

وا عاشقی زار و کەمەری تۆیە وەفایی        لەو نێوە وجوودێکە لە بەینی دوو عەدەمدا

(وەفایی، ۱۹۷۸: ۱۰)

برێک لە خواستنەکان و لێکچواندنەکان بە هۆی ئەوەی کە بە بابەتێکی دیاریکراوەوە گرێ دراون و زۆرتر لەگەڵ ئەو بابەتانە بەکار دەبرێن، خێرا تۆزی نەریتی ئەدەبییان لێ دەنیشێت؛ لە ڕاستیدا لێکچواندن و خواستن لە نێوان وێنە شیعرییەکاندا ئەگەری زۆری هەیە کە نەریتە ئەدەبییەکانیان تێدا دەربکەوێ. تەنانەت شێوەکانی نوێکردنەوەی لێکچواندن، وەکوو خۆگێلکردن، لێکچواندنی شاراوە و سەرتر (پارسا، ١٣٩٧: ٤٢)، دروستە لە زاتی خۆیدا بە بەراوەرد لەگەڵ لێکچواندنە ئاساییەکە نوێکاری دێتە ئەژمار و لایەنی نوێبوونەوەی تێدایە، بەڵام بوونی خودی بابەتەکە هەر بەرهەمی نەریتی ئەدەبییە و سەبارەت بەم نوێکارییانە دەگوترێت کە شاعیر لە نێو نەریتێکی ئەدەبیدا داهێنەرێتیی نواندووە. بەم پێیە شێوەکانی نوێکردنەوەی لێکچواندن تایبەتە بە نەریتە ئەدەبییەکان و خودی شاعیریش ئاگای لێیە کە ئەم مۆتیفە یان وێنەیە بەکاری بردووە، پێشتر بەکار براوە؛ بۆیە هەوڵ دەدا نوێکردنەوەیەکی تێدا ئەنجام بدات. بە پێچەوانەی خواستن و لێکچواندن، درکە لەبەر ئەوەی پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەوە هەیە و بە بابەتێکی دیاریکراوەوە سنووردار نەکراوە، بەرهەڵداترە و ئەوەندە ناکەوێتە نێو نەریتی ئەدەبییەوە؛ بۆیە ئەو درکانەی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا دەرکەوتوون، زۆربەیان خۆماڵیی کۆمەڵگای کوردەوارییە و تەنیا تاک‌وتەرا دەبینرێت کە لە شیعری فارسییەوە وەرگیرابێت:

لەسەرخۆ چوونە، شەیدا بوونە، <u>قوڕ پێوانە</u>، سووتانە     هەتا مردن، مەحەببەت ئێشی زۆرە، ڕێزی لێ دەگرم

(مەحوی، ١٣٨٩: ٢٦١)

دەستم لە تای زوڵفت دا، بەم بەڵایە نەمزانی     بۆچ دەمکوژی خۆ قوربان <u>پردی قیامەت نەپساوە</u>

(وەفایی، ١٩٧٨: ١٥٢)

خاڵێکی هەرە گرنگ ئەوەیە کە بەدیهاتنی وێنە شیعریگەلێکی نوێ، بەتایبەت لێکچواندن و خواستن، پێوەندیی بە نوێبوونی بابەتەوە هەیە. لە ڕابردوودا بە هۆی ئەوەی کە بابەتە شیعرییەکان سنووردار و دیاریکراو بوون و بابەتی نوێ بەدی‌نەدەهات، وێنە شیعریی نوێش ئەوەندە لە ئارادا نەبووە. خودی بابەتی نوێکردنەوەی وێنە شیعرییەکان ئەم زانیارییەمان پێ دەدا کە پانتایی بابەتی لە شیعری کلاسیکدا چەندە سنووردار و بەرتەسک بووە؛ هەروەها نیشان دەدات کە شاعیران لە نێو ئەم چوارچێوە تەنگانەیەدا هەوڵیان داوە داهێنەرێتی و نوێکاری بخوڵقێنن؛ بۆیە هەر چەشنە گۆڕانکارییەک کە لە وێنە شیعرییەکانی پێشوودا بەدی‌بێت، بەو مەرجەی ڕووی گۆڕانکارییەکە لە فراژووییدا بێت، وەکوو لایەنێک لە داهێنەرێتی چاوی لێ دەکرێ (بڕوانە: شفیعی‌کدکنی، ١٣٨٧: ٧-١٢). لەو شیعرانەی بابەتەکەیان وەسفی دڵبەر و ئەوینە، وێنە شیعرییەکان تا ڕادەیەکی زۆر دووپاتەیە و ڕەنگ و بۆنی نەریتی ئەدەبییان پێوە دیارە. لەم جۆرە شیعرانەدا وێنە شیعرییەکان زۆر وەکوو یەکن و لێک نزیکن. بەڵام لە شیعری تەوسیفیدا کە دیاردەیەکی سروشتی وەسف دەکا، ئەو چاوەڕوانییەی لێ بەدی‌دەکرێ کە وێنەگەلێکی نوێ و داهێنەرانەیان تێدا دەربکەوێ و وێنە دووپاتەییەکان کە بەرهەمی نەریتی ئەدەبین، لە نێوانیاندا ڕەنگدانەوەی نەبێت. هەروەها لەو شیعرانەی کە سەبارەت بە هەست و سۆزی کەسێنیی شاعیرە، داهێنەرێتیی هونەری لە وێنە شیعرییەکاندا بەرچاوترە و ئەگەری دەرکەوتنی نەریتە ئەدەبییەکان زۆر لاوازە؛ چونکە شاعیری کورد لەم چەشنە شیعرانەدا بۆ وێناکردنی هەست و سۆزەکانی خۆی لە وێنە شیعرییە دووپاتەکان کەڵک وەرناگرێ و وێنەی شیعریی نوێ بەرهەم دێت.

لە وێنە شیعرییەکاندا دەردەکەوێ کە شاعیر شوێنکەوتووی نەریتی ئەدەبی بووە یان ئەوەی کە بۆ خوڵقاندنی وێنەکان داهێنەرێتیی نواندووە. ئەگەر لە دیاردە ناوخۆییەکان کەڵکی وەرگرتبێت، دیارە داهێنراوی هێزی خەیاڵی خۆی بووە، بۆ نموونە ئەگەر شاعیر لە لێکچواندنێکدا باڵای دڵبەری بە سەرو یان عەرعەر شوبهاندبێت، ئەوە لە نەریتی ئەدەبی یارمەتیی وەرگرتووە، بەڵام ئەگەر بە شتێکی بەرزی تایبەت بە ناوچەی کوردەواری شوبهاندبێتی، بۆ نوێکاری و داهێنەرێتیی ئەو دەگەڕێتەوە، وەکوو ئەم وێنەیە کە وەلی دێوانە بۆ وەسفی باڵای یار لە تووڵی نەی کەڵکی وەرگرتووە کە دیاردەیەکی ناوچەییە و بەم بۆنەوە وێنەکە نوێ دەنوێنێت:

ئەرێ تووڵی نەی، ئەرێ تووڵی نەی     ئەرێ نەونەمام باڵا تووڵی نەی

(وەلی دێوانە، ١٣٨٥: ٨١)

به هۆی ئەوەی کە وەسفی جوانییەکانی یار لە شیعری کلاسیکدا، زۆربەی هەرە زۆری وێنە شیعرییەکانی دووپاتەن، کاتێ شاعیرێک وێنەیەکی نوێ دەخوڵقێنێ، هەست و چێژێک بە خوێنەر دەدا کە وا دەزانێ بۆ یەکەم جارە لەگەڵ وەها بابەتێکدا بەرەورِوو دەبێتەوە؛ بۆیە یەکێک لە لایەنە بەرچاوەکانی داهێنەرێتیی شاعیری کلاسیکی کوردی ئەوەیە کە لە دیاردەگەلێک کەڵکی وەرگرتووە نموونەیان لە شیعری فارسیدا نابینرێت.

## ٤-٣- وشە، کۆوشە و زاراوەکان

لێکدانەوەی وشە، کۆوشە و زاراوەکان لایەنێکی دیکەیە کە دەتوانێ یارمەتیدەر بێت هەم بۆ دیاریکردنی پاشخانی شیعری کلاسیکی کوردی، هەمیش بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتیی داهێنەرێتی و نوێکاریی شاعیرانی کلاسیکی کورد. بە سەرنجدان بە زاراوە و وشەکان ئەم پرسیارەمان بۆ پێشدێت کە ئایا بەرهەمی بیر و خەیاڵی رِەسەنی خودی شاعیران بووە یان لە سەرچاوەیەکی ترەوە لەگەڵیدا رِووبەرِوو بوونەتەوە. ئەو زاراوە و وشە و کۆوشانەی کە عەرەبی یان فارسین و لە شیعری کلاسیکی کوردیدا دەرکەوتوون، تەنیا لە رِێگای ئاشنایەتی و خوێندنەوەی شیعری فارسییەوە بووە کە کەوتوونەتە سەر زاری شاعیرانی کورد و ئەوانیش بۆ بەرهەمهێنانی چەمک و گوزارە بەکاریان بردوون. دیارە کە ئەم زاراوە و کۆوشانە بێجگە لە وێژەی فارسی، لە سەرچاوەیەکی ترەوە نەهاتوونەتە نێو شیعری کوردییەوە؛ بۆیە غەمزە، سەروی رِەوان، پیاڵەی چاوی مەست، ئەژدەهای زوڵف، ساقی، تیری موژگان و ... بەشێکن لەو وشە و کۆوشانەی کە وەکوو نەریتی ئەدەبییان لێ هاتووە و رِوونە کە داهێنراوی خودی شاعیرانی کلاسیکی کورد نین و وەکوو بەڵگە پێشان دەدەن کە پێشتریش لە دنیای شیعردا بە کار براون. جا ئەوەی گرنگ و شیاوی تێرامانە و بۆ داهێنەرێتیی شاعیرانی کورد دەگەرِێتەوە، ئەوەیە کە ئەم زاراوە و وشانە تەنیا ئامرازێک لەبەر دەستی ئەواندا بووە تاکوو شیعری پێ بهۆننەوە؛ لەم رِووەوە هەرچەند هەندێ لە وشە و زاراوەکانی دێرِە شیعرەکان لە نەریتە ئەدەبییەکانەوە وەرگیراوە، بەڵام گوزارەی شیعرەکان بەرهەمی هزر و خەیاڵی خودی شاعیران بووە، بۆ وێنە زاراوەکانی ئەم دێرِەشیعرەی خوارەوە، هەموویان پێشتر لە نێو ئەدەبی عیرفانیدا باو بوون و لە سەردەمانێکیشدا کە عیرفان تووشی وەستاوی هاتبوو، بوونە نەریتی ئەدەبی. نالی بۆ دەربرِینی مەبەستەکەی خۆی (= شانازی بە خۆی) ئەم زاراوانەی لەگەڵ یەکدا جێخستووە و گوزارەیەکی پێ دروست کردوون:

زاهیر و باتین، لە سەر لەوحی حەقیقەت یا مەجاز　　　ئاشنای سیرِرِی قەڵەم بێ، غەیری نالی کەس نەما

(نالی، ۱۳۸۹: ۱۲۸)

رِەنگە سەبارەت بە زاراوە و وشە عیرفانییەکان بگوترێت پاشخانەکەیان بۆ رِێبازە سۆفیگەرییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردەواری دەگەرِێتەوە و شاعیرانی ئێمە لەم رِێگایەوە بووە ئاشنایەتییان دەستەبەر کردووە. ئەم ئەگەرە زۆر لاوازە؛ چونکە ماوەیەکی درێژ دەخایەنێت تاکوو چەمک و زاراوە عیرفانییەکان ببنە بابەتی شیعری و لە نێو خەیاڵی شاعیرانەدا جێبکەون. کاتێ بیر لە ئاستبەرزیی شیعری عیرفانیی کوردی دەکەینەوە و سەرنجی چەمک و زاراوە عیرفانییەکان دەدەین کە چۆن بوونەتە ئامرازی شیعری و هەوێنی خەیاڵی شاعیرانە، دەگەینە ئەو ئەنجامە کە زاراوە و کۆوشە عیرفانییەکانیش لە شیعری عیرفانیی فارسییەوە هاتوونەتە نێو شیعری کوردییەوە.

## ٥- بارودۆخی شیعری کلاسیکی کوردی بەپێی نەریتی ئەدەبی و داهێنەرێتیی هونەرییەوە

ئەگەر بەپێی ئەم دوو پێوەرە جوانیناسانەی رِەخنەی شیعری، واتە نەریتی ئەدەبی و داهێنەرێتیی هونەری، بارودۆخی شیعری کلاسیکی کوردی هەڵبسەنگێندرێت، دەرئەنجامی لێکدانەوەکە بە چ شێوازێک دەبێت و شیعری کلاسیکی کوردی لە چ ئاستێکدا خۆی دەنوێنێت؟ بەپێی نەریتی ئەدەبی و داهێنەرێتیی هونەری لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ئەم چەند حاڵەتە بەدیدەکرێت:

### ٥-١- خوڵقاندنی مەزموونی نوێ و نوێکاری لە وێنە شیعرییەکاندا

یەکێک لە لایەنە بەرچاوەکانی داهێنەرێتیی هونەری لە شیعری کلاسیکدا ئەوەیە کە شاعیر نەریتە ئەدەبییەکانی کردبێتە هەوێنی خەیاڵ و تێرامانی خۆی و لەو بابەت و وێنە شیعرییانەی بوونەتە نەریتی ئەدەبی، مەزموونێکی نوێ بخوڵقێنێت، بۆ نموونە مۆتیفی «ئەگریجەی یار لە دەوری ملیدا» کە بۆتە نەریتێکی ئەدەبی، بە شێوەی وێنە شیعریگەلێک وەکوو لێکچواندنی ئەگریجە بە مار یان ئەژدەها وێنا کراوە کە وێنەیەکی کۆنە لە شیعردا. شاعیران کاتێ ئەم مۆتیف و وێنە شیعرییەیان بەکار بردووە، زۆر جار هەوڵیان داوە نوێکارییەک ئەنجام بدەن، وەکوو سالم کە مەزموونێکی نوێی پێ خوڵقاندووە و بۆ داخوازیی خۆی بەکاری بردووە:

چ حاسڵ ئەژدەهای زوڵفت بە دایم وەقفی گەردن بێ    کەرەم کە با ئەمانەت یەک شەوێ تەوقی ملی من بێ
(سالم، ٢٠١٥: ٩٧٩)

مەلای جزیریش هەر ئەم مۆتیفەی پێوەند داوە بە بابەتێکی ترەوە و مەزموونێکی دیکەی پێ ساز کردووە کە نوێیە:

هەر دوو ئیلانێن تە دێ من تەوقێ گەردەن کر مودام    دا مە هەر بێتن تەبەسسوم وەک گولا زەححاکێ ڕووح
(مەلای جزیری، ١٣٩٣: ٢٢٤)

نالیش هەر ئەم نەریتە ئەدەبییەی بۆ مەبەستێکی تر بەکار بردووە و وێنە و مەزموونێکی نوێی دروست کردووە:

بیدە بە دڵم، شیفتە بۆ شیفتە چاکە    بیخە ملم، ئەو قەیدە بە دێوانە ڕەوایە
(نالی، ١٣٨٩: ٥٦٩)

ئەگەر وەکوو ئەم نموونەیە مۆتیف و وێنە شیعرییەکانی دیکەی شیعری کلاسیکی کوردی کە بوونەتە نەریتی ئەدەبی، لە شیعری شاعیراندا بەراورد بکەین و لێکیانبدەینەوە، بۆمان بەڕوونی دەردەکەوێ کە تا چ ڕادەیەک نەریتە ئەدەبییەکان لە گەڕاندا بوونە و شاعیرانیش چۆن لە نێو ئەم نەریتانەدا داهێنەرێتی‌یان نواندووە؛ چونکە مەبەست لە داهێنەرێتیی هونەری لە نەریتی ئەدەبیدا هەر ئەمەیە کە شاعیر لە نێو ئەو ئاسۆ و سنوورە دیاریکراوەی کە نەریتی ئەدەبی پێکی‌هێناوە، داهێنەرێتی بنوێنێ. جارجارێکیش شاعیری کورد بابەتێک و نەریتێکی لە شیعری فارسییەوە وەرگرتووە و بە شێوەی خۆماڵی کردنەوە، نوێکاریی تێدا ئەنجام داوە. لەم دۆخەدا بۆ خۆماڵی‌کردنەوەی نەریتە ئەدەبییەکە لە دیاردەی فەرهەنگی، سروشتی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردەواری کەڵکی وەرگرتووە، وەکوو ئەم دێڕەشیعرە کە شاعیر هاتووە بەپێچەوانەی نەریتی ئەدەبی کە لە زۆربەی کاتەکاندا ئەگریجە شوبهێندراوە بە سومبوڵ، لە بەڕەزا بۆ خۆماڵی‌کردنەوەی وێنە شیعرییەکەی خۆی کەڵکی وەرگرتووە کە ئەم ڕەوتە ڕێک ڕەهەندێکە لە داهێنەرێتیی هونەری:

وەک دوڕڕ و عەقیق نەقشە دەندان و لەبی ئاڵت    میسلی بەڕەزا پەخشە ئەگریجە لە سەر خاڵت
(سالم، ٢٠١٥: ١٩٨)

لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین مەزموونسازی و بەکارهێنانی توخمە سروشتییەکان و دیاردەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بۆ نوێکردنەوە و خۆماڵی‌کردنەوەی وێنە شیعرییەکان لە گرنگترین لایەنەکانی داهێنەرێتیی هونەری لە شیعری کلاسیکی کوردیدایە.

**٥-٢- داهێنانی بابەت و وێنەیەکی بە تەواوی نوێ**

مەبەست ئەو شیعرانەیە کە مۆتیف و وێنەکەیان لە نەریتە ئەدەبییەکانەوە وەرنەگیراوە و داهێنراوی خەیاڵ و هزری خودی شاعیر بێت، وەکوو شینگێڕی، شیعری بۆنەیی، وەسفی دیاردە سروشتییە ناوچەییەکان، بابەتە کۆمەڵایەتییەکان کە پێوەندییان بە هەلومەرجێکی تایبەتەوە هەیە. بابەتی ئەم چەشنە شیعرانە گەرچی لە شیعری نەتەوەکانی تریشدا بوونی هەیە، بەڵام چییەتیی بابەتەکە بە جۆرێکە کە لە وێژەی هەر نەتەوەیەک و تەنانەت لە شیعری هەر شاعیرێکیشدا بە شێوەیەکی جیاواز دەردەکەوێ؛ بۆیە لە نێو ئەم بابەتانەدا ئەگەری زۆر لاوازە کە شتێک ببێتە نەریتێکی ئەدەبی، واتە نەریتی ئەدەبی لەم شیعرانە دروست نابێت. بۆ وێنە بابەتی ئەم شیعرەی خوارەوە لە نەریتە ئەدەبییەکانەوە وەرنەگیراوە و بەرهەمی ئەزموون یان بینراوەکانی خودی شاعیر بووە:

پیری و فەقیری و کەسیفی، هەر سێ    نەبۆ وە هیجرانباری هیچ کەسێ
(مەولەوی، ١٣٩٧: ١٤٤)

ئەو شیعرانەی بابەتەکەیان سەبارەت بە بەسەرهات و ئەزموونەکانی خودی شاعیرە و بارودۆخی ژیانی ئەو وێنا دەکەن، هەست و سۆز و وێنەکانی نێو شیعرەکە نوێیە و وشەکان و وێنە شیعرییەکانی تا ڕادەیەکی زۆر خۆماڵین؛ لانیکەم زۆر ئەستەمە نموونەیان لە شیعری فارسیدا بەدی بکرێت. لەم چەشنە شیعرانەدا ئیتر دەرکەوتنی نەریتە ئەدەبییەکان چاوەڕوان ناکرێ:

کەی کەم ئێستە کەم خوێناو ئەکا شەست لە دوو پلووسکەی چاو شۆڕاوگەی بەست
لافاوی کووچەی جەستەی زوخاڵی هەڕگاوی هەستی هەرچی بوو، ماڵی
(سەرچاوەی پێشوو: ١٦٦)

لە وەڵامی ئەم پرسیارە کە بۆچی شیعری مەولەوی لە نێو شاعیرانی وێژەی گۆرانیدا جیاواز و سەرتر دەنوێنێت؟ دەتوانین بڵێین هۆکارەکەی ئەوەیە لاسایی‌کردنەوە لە نەریتە ئەدەبییەکانی تێدا نییە و پاڵی‌داوەتە بیر و هزری خۆیەوە و ڕادەی داهێنەرێتیی هونەری لە شیعرەکانیدا بەرچاوترە. مەولەوی زۆرتر لە هەر شاعیرێکی تر لە وێنە شیعرییەکانیدا لە دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری کەڵکی وەرگرتووە:

کۆزی سۆچیای دەروونی پڕ دەرد ماڵاتی شادیم یەکسەر قڕان کەرد
(سەرچاوەی پێشوو: ٤٦٦)

کاتێ شاعیر ژیانی کۆمەڵگاکەی دەکاتە هەوێنی خەیاڵی شاعیرانەی خۆی و لە دیاردە خۆماڵییەکان بۆ دەربڕینی مەبەستەکان و خوڵقاندنی وێنە شیعرییەکانی کەڵک وەردەگرێ، شیعرەکەی لە هەموو ڕەهەندێکەوە نوێ دەنوێنێت و لە شیعرەکەیدا ئیتر نەریتی ئەدەبی دەرناکەوێت.

**٥-٣- دووپات‌کردنەوەی بێ ئاڵوگۆڕی نەریتێکی ئەدەبی**

وا نییە کە هەموو شیعرەکانی شاعیرانی کلاسیکی کورد داهێنراوی هێزی خەیاڵ و بیری خودی ئەوان بوویێت و بە داهێنەرانە و نوێ دابنرێن، بەڵکوو هەندێ جاریش نەریتی ئەدەبی بەبێ نوێکارییەک لە شیعری شاعیراندا دووپات بۆتەوە و دەرکەوتووە، وەکوو ئەم دێڕەشیعرەی خوارەوە کە وێنە شیعرییەکانی دووپاتبوونەوەی دەقاودەقی نەریتی ئەدەبییە:

ئەرێ غونچە دەم، ئەرێ غونچە دەم ئەرێ لەب عەقیق، پەڕەی غونچە دەم
(ڕەنجووری، ١٩٨٣: ٨٤)

ئەوەی‌کە وشەگەلێک وەکوو «لەعل» و «عەقیق» کە بۆ وێناکردنی سووریی زاری یار بەکار براوە، لە کوێیەوە هاتوونەتە نێو شیعری شاعیرانەوە، بۆ نەریتی ئەدەبی دەگەڕێتەوە. ئەم چەشنە دووپاتبوونەوەی نەریتی ئەدەبییە زۆرتر لەو شیعرە ئەویندارانەدا دەبینرێت کە شاعیر وەسفی یار و باسی ئەوینی خۆی بەرامبەر بە ئەو دەکات. لەم حاڵەتەدا هەست و سۆزی نێو شیعرەکە ئەوەندە بۆ بەسەرهات و ئەزموونی خودی شاعیر ناگەڕێتەوە؛ هەڵبەت دیسان ئەگەری ئەوەشی هەیە کە نەریتە ئەدەبییەکان بووبێتە زمانێک بۆ شاعیر کە بەو زمانە هەستەکانی خۆی دەربڕێ. لە وێژەی گۆرانیدا بە هۆی تایبەتمەندییە زمانییەکان و کێشە بڕگەییەکەیەوە لایەنی داهێنەرێتیی هونەری بەرچاوترە لە نەریتی ئەدەبی، واتە بەپێی ئەم هۆیانە ڕەنگ و بۆنی نەریتە ئەدەبییەکان کاڵ دەنوێندرێت؛ چونکە کێشەکە کە بڕگەییە و جیاوازە لە کێشی عەرووزی (سەجادی، ١٣٩٥: ١٣٤)، شاعیر زۆرەمل دەکات نەریتە ئەدەبییەکانیش بە پێکهاتەیەکی ترەوە دابڕێژێت. لەم دێڕە شیعرەی خوارەوە شوبهاندنی خەیاڵی یار بە نەشتەر و بریندارکردنی دڵی دڵدار بە هۆی دووپاتبوونەوەی لە شیعردا بۆتە نەریتێکی ئەدەبی؛ بەڵام لەبەر کێشی شیعرەکە و لایەنی زمانییەکەی ئەم نەریتە ئەوەندە نایێتە بەرچاو:

خەیاڵ چون نەشتەر دڵ مەکاونۆ دڵ جە دیدەم سەیل زووخ مەتاونۆ
(بێسارانی، ١٣٧٥: ١٠٩)

بەپێچەوانەی شیعری گۆرانی، لە شیعری ناوەندی و سەروودا بە هۆی کێشی عەرووزی و زۆریی وشە فارسی و عەرەبییەکانەوە نەریتە ئەدەبییەکان بەرچاوتر و هەستپێ‌کراوترن.

**٦- ئەنجام**

لە دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا دەرکەوت کە لایەنە جۆربەجۆرەکانی شیعری کلاسیکی کوردی وەکوو وێنە شیعرییەکان، بابەتەکان، زاراوەکان و چەمکەکان لە بنەڕەتدا هەموویان داهێنراوی بیر و خەیاڵی خودی شاعیرانی کورد نەبووە و سەرچاوەکەیان بۆ شیعری کلاسیکی فارسی دەگەڕێتەوە کە بە پاشخانی شیعری و دەقی شاراوەی شیعری کلاسیکی کوردی دێتە ئەژمار. ئەزموونی شیعری کلاسیکی فارسی بەستێنێکی یاریدەر بووە بۆ شاعیرانی کلاسیکی کورد تاکوو لەو ڕێگایەوە سەبارەت بە ئاسۆکانی شیعر ئاشنایەتی دەستەبەر بکەن و لە نێو بازنەی ئەو ئاسۆیانەدا دەست بدەنە هۆنینەوەی داهێنەرانەی شیعر. نەریتە ئەدەبییەکانی شیعری کلاسیکی فارسی هاتوونەتە نێو شیعری کلاسیکی کوردییەوە، بەڵام نەک بە شێوەی دووپاتکردنەوەی دەقاودەق، بەڵکوو بەم شێوەیە کە شاعیرانی کورد زۆر جار لە نێو چوارچێوەی ئەو نەریتانە داهێنەرێتیی‌یان نواندووە و بۆ نوێکاری لە وێنە شیعرییەکاندا لە دیاردە سروشتی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگای خۆیان کەڵکیان وەرگرتووە؛ لە ڕاستیدا نەریتە ئەدەبییەکان وەک پاژگەلێکی پرژوبڵاو بووە کە شاعیرانی کلاسیکی کورد بە خستنەپاڵ‌یەکی ئەو پاژانە، شتێکی نوێیان خوڵقاندووە. ڕەنگدانەوەی نەریتە ئەدەبییەکان و داهێنەرێتی‌نواندنی شاعیرانی کلاسیک لە نێو ئەم نەریتانە، دیاردەیەکی هاوبەش و گشتگیرە لە هەر سێ بەشی شیعری گۆرانی، شیعری کوردیی سەروو و شیعری کوردیی ناوەندیدا و لە شیعری شاعیراندا کەم تا زۆر دەبینرێت.

**سەرچاوەکان**

**کوردی:**

بێسارانی، مەلا مستەفا. (۱۳۷۵). *دیوانی بێسارانی*. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی حەکیم مەلا ساڵح. سنە: گۆران.

پارسا، سەید ئەحمەد. (۱۳۹۷). *ڕوونبێژی لە ئەدەبی کوردیدا*. سنە: نالی.

جزیری، مەلا ئەحمەد کوڕی محەمەد. (۱۳۹۳). *دیوانی مەلای جزیری*. شەرحی هەژار. پێداچوونەوەی ماجد مەردۆخ ڕۆحانی. تاران: پەخشانگای پانیز.

خانی، ئەحمەد. (۲۰۰۵). *مەم و زین*. بەرهەڤکرن: تەحسین ئیبراهیم دۆسکی. هەولێر: چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ.

ڕەنجووری، عومەر زەنگەنە. (۱۹۸۳). *دیوانی شیعر*. لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی. بەغا: ئافاقی عەرەبییە.

سالم، عەبدولڕەحمان بەگی ساحێبقران. (۲۰۱۵). *دیوانی سالم (دوو بەرگی)*. ساغکردنەوە و لێکدانەوە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕس، فاتیح مەلا عەبدولکەریم و محەمەدی مەلا کەریم. سلێمانی: بنکەی ژین.

سەجادی، بەختیار. (۱۳۹۵).«شێوازناسیی ویژەی گۆرانی: تایبەتمەندییە سەرەکییەکان». *پژوهشنامه ادبیات کردی*. سال دوم، شماره ۲. صص: ۱۲۵-۱۴۸.

ـــــ (۱۳۸۹). «مێژوونووسی ئەدەبی لە ئەدەبی کوردیدا». *کۆمەڵە وتاری یەکەمین کۆڕی نێونەتەوەیی ئەدەبی کوردی*. زانستگای کوردستان.

سەیدی، محەمەد سلێمان. (۱۹۷۱). *دیوانی سەیدی*. کۆکردنەوە و شیکردنەوەی محەمەد ئەمین کاردۆخی. سلێمانی: کامەرانی.

کاکەی فەلاح، حەمە حەمەئەمین قادر. (۱۳۹۷). *کاروانی شیعری نوێی کوردی*. سنە: بڵاوکردنەوەی کوردستان.

مەحموودزادە، ڕەهبەر. (۱۳۹۹). *ئافاقی شیعری نالی*. سنە: مادیار.

مەحوی، مەلا موحەممەدی کوڕی مەلا عوسمانی باڵخی. (۱۳۸۹). دیوانی مەحوی. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و موحەمەدی مەلا کەریم. چاپی شەشەم. سنە: بڵاوکردنەوەی کوردستان.

مەولەوی، عەبدوڕڕەحیمی کوڕی مەلا سەعید. (۱۳۹۷). *دیوانی مەولەوی*. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس. چاپی چوارەم. سنە: بڵاوکردنەوەی کوردستان.

نالی، مەلا خدر ئەحمەدی شاوەیسی. (۱۳۸۹). *دیوانی نالی*. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و فاتیح عەبدولکەریم. چاپی حەوتەم. سنە: بڵاوکردنەوەی کوردستان.

وەفایی، میرزا عەبدوڕڕەحیمی سابڵاخی. (۱۹۷۸). *دیوانی وەفایی*. لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی. بەغدا: کۆڕی زانیاریی کورد.

وەلی دێوانە، ڕەزا. (۱۳۸۵). *دیوانی وەلی دێوانە*. وەرگێڕاوی ڕازی. سنە: بڵاوکردنەوەی کوردستان.

**فارسی:**

آلن، گراهام. (۱۳۸۰). *بینامتنیت*. ترجمه پیام یزدانجو. تهران: نشر مرکز.

احمدی، سعید. (۱۳۹۵). *تجلی اشعار حافظ در ادبیات کردی*. تهران: سخنوران.

پارسا، سید احمد. (۱۳۸۸). *تأثیرپذیری شاعران کرد ایران و عراق از حافظ شیرازی*. تهران: مؤسسه تألیف، ترجمه و نشر آثار هنری متن.

جوانمردی، مصطفی و طارق یاراحمدی. (۱۳۹٤). «تأثیرپذیری محوی کرد از اشعار فارسی و عربی سعدی شیرازی». هشتمین همایش ملی پژوهش‌های زبان و ادبیات فارسی. صص: ۵۷۷-۵۹٤.

حافظ، شمس‌الدین محمد. (۱۳۶۲). *دیوان حافظ*. تصحیح پرویز ناتل‌خانلری. چاپ دوم. تهران: خوارزمی.

دشتی، هادی. (۱۳۹۷). *نمود سنت‌های ادبی فارسی در دیوان وفایی*. پایان‌نامه کارشناسی ارشد زبان و ادبیات فارسی، دانشگاه کردستان. استاد راهنما: نجم‌الدین جباری.

شفیعی‌کدکنی، محمدرضا. (۱۳۸۷). «تکامل یک تصویر». مجله *زبان و ادبیات فارسی دانشگاه خوارزمی*. سال ۱٦، شماره ٦۰. صص: ۷-۱۲.

شمس، اسماعیل. (۱۳۹۲). «حافظ در ادبیات کردی». کتاب *حافظ (زندگی و اندیشه)*. به اهتمام اصغر دادبه. تهران: مرکز دایره‌المعارف بزرگ اسلامی.

مسبوق، سید مهدی. (۱۳۹۲). «روابط بینامتنی قرآن با خطبه‌های نهج‌البلاغه». *تحقیقات علوم قرآن و حدیث*. سال دهم، شماره ۲. صص: ۲۰۵-۲۲٤.

نامورمطلق، بهمن. (۱۳۹۰). *درآمدی بر بینامتنیت: نظریه‌ها و کاربردها*. تهران: سخن.

ـــــ (۱۳۸٦). «ترامتنیت مطالعه روابط یک متن با دیگر متن‌ها». *پژوهشنامه علوم انسانی*. شماره ٥٦، صص ۸۳-۹۸.